# نەوت..گەورەترین کارتە بەدەست کوردەوە بۆ پێشخـ

# بەیاسایکردنی نەوت و گاز هەنگاوناـ



## ستنی کیانەکەی

# ە بەرەو دامەزراوەیکردنی دەوڵەت

پرۆسەی نەوت و گازی سروشتی لەکوردستاندا پێوەندی هەیە بەسەروەری هەرێمەکەوەو بۆتە پرۆژەیەکی نیشتمانی گرنگ، ئەمەش مافێکی سروشتی و ئاساییەو لەچوارچێوەیەی دەوڵەتێکی نوێی فیدراڵیدا ئەو مافە دەستوورییە بەهەرێمی فیدرالی کوردستان دراوە، گرنگی ئەم پرۆسەیە لەوەدا دەردەکەوێت کەچی تر ئابووری کوردستان وابەستەو بگرە پاشکەوتەی ئابووری حکومەتی ناوەندیی نابێت، ئابوورییەکی ناوەند کە گیرۆدەی کۆمەڵێك کێشەو گرفتی نائارامی و گەندەڵی و ناشەفافییەت بووەتەوە،بیروئایدیۆلۆژیای بلۆکبەندو کۆن بەسەریدا زاڵن، بۆیە ئابووری کوردستان پێویستی بە هەنگاوی خێراو بوێرانە هەبوو، ئەوەبوو نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان درکی بەو گرفتە کرد و بەسیاسەتێکی سەرکەوتووانەو راست و دروستەوە توانی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی وزە بنێت، بۆ یەکەمین جار لەمێژووی هەرێمەکەدا بووینە خاوەنی پێترۆڵ و گازی سروشتی، تەنانەت هەنگاو بەرەو دامەزرانی پاڵاوتگەی پێترۆلی بچووك و گەورە نرا، ئەمەجگە لەوەی بەسامانی گازی سروشتی کوردستان دوو گەورە وێستگەی گازیی چەمچەماڵ و هەولێر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا خرایەگەڕو ماوەکانی پێدانی کارەبا بەهاووڵاتییان لە دوو کاتژمێرەوە بۆ ١٦-١٨ کاتژمێر زیادیکرد، چیتر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و بەدەستهێنانی گازوائیل پشت بە بەغدا نابەسترێت، تەنانەت کوردستان کەوتە بەردەم پرۆژەیەکی ستراتیژی جیهانی گرنگەوە ئەویش (پرۆژەی هێڵی لوولەکێشی ناباکۆ) یە کە بەیەکێك لەهەرە پرۆژە گرنگەکانی ئەوروپاو جیهان دادەنرێت و هەرێمی کوردستان بەوڵاتانی ئەوروپای پێشکەوتوو دەبەستێتەوە دوای ئەوەی زیادەی بەرهەمهێنانی پێترۆل لەڕێگای لوولەکێشەوە بۆتورکیاو لەوێشەوە بۆئەوروپا رەوانە دەکرێت، بەمەش دەستکەوتێکی گەورە بۆ کوردستان و عێراق بەدەست دەهێنرێت، لەلایەکی ترەوە لەئاکامی ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو لەلوولەکێشەکانی عێراقەوە ئاستی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی پێترۆلی عێراقی زیادیکرد، بە دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی پێترۆلی کوردستان کەوتە سەر نەخشەی دابینکردنی وزە لە جیهاندا، سەرەڕای بەردەوامبوونی دژایەتییە نێوخۆییەکانی عێراق لەدەرهێنان و ناردنە دەرەوەی پێترۆل، بەڵام ئەم هەنگاوە بوێرانەیە بووە بناغەیەك بۆ سەرکەوتنی حکومەت و بەهێزبوونی پێگەی ئابووری هەرێمەکە، لەدوا دیداری نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ رۆژنامەی ئاوێنە لەتەوەرێکی قسەکانیدا باسی لە رۆڵی نەوت کرد لەپەرەپێدانی هەرێمەکەو وتی: ((ئەمرۆ گەورەترین کارت بەدەست کوردەوە بۆ پێشخستنی کیانەکەی نەوتە، گەرچی جێگای داخە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئاست ئەم کێشەیەدا یەکگرتوو نەبوو، یەك سیاسەت و یەك قسەیان نەبوو..)).

جێگری پارتی دیموکراتی کوردستان لەم قسەیەیدا ویستی تەئکید لەگرنگی ئەو دەستکەوتە بکات کە دەست کورد کەوتووە ئەویش سامانی ستراتیژی نەوتە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو سیاسەتەی دەرهێنان و پەرەپێدانی پیشەسازی نەوت بەردەوام بین، ئەم سیاسەتە بوو وای لە حکومەتی ناوەندی بەغداو وەزارەتی پێترۆلی عێراق کرد بەناچاری مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیە بکەن دوای ئەوەی هەڕەشەکانی بەغدا بەرامبەر کۆمپانیا بیانییەکانی پێترۆل هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە بەپێی بڕگە یاساییەکانی دەستوور مافی هەرێمەکانە بەدوای کێڵگە پێترۆلییەکان بگەڕێن و پیشەسازی پێترۆلی بۆ پێشەوە ببەن و هاوکار بن لەبەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی پێترۆل، مادام داهاتی ناردنە دەرەوەی پێترۆل دەچێتەوە سندووقی داهاتی پێترۆلی عێراقی و لەخزمەتی هاووڵاتییاندا خەرج دەکرێت و بۆ دابینکردنی کارەبایە. دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی پێترۆلی کوردستان ئەزموونێکی نوێی عێراقێکە کە لەسەرەتای هەنگاونانە بەرەو فیدرالییەت و جیاکردنەوەی ئەرك و مافەکانی هەرێمەکان و ناوەند، تەنانەت پرسی پێترۆل تێکەڵ بەبەرژەوەندی و یاساو رێنماییە جیهانییەکان بووەو ناکرێت بەدەر لەیاسا نێودەوڵەتییەکانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکرێت هەر ئەمەش بوو وای لە سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکابینەی پێنجەمدا کرد کە پێش ئەوەی یاسای نەوت و گازی سروشتی ببردرێتە بەردەم پەرلەمان یاساکە خرایە بەردەم ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆران و شارەزایانی جیهانی بواری نەوتی خاو، تاوەکو بتوانرێت ئەو یاسایەی ئێمە لەگەڵ یاسا جیهانییەکان یەکبگرێتەوە، چونکە یاسایەك بەدەر لەو یاساو پرەنسیپانە کەس مامەڵەی لەگەڵ ناکات، تۆ بزانە گەورە کۆمپانیا جیهانییەکان بەستراونەتەوە بەبۆرسەو یاساو رێنمایی باج و چاودێری دارایی وڵاتانی خۆیان و بگرە رێنمایی و راسپاردەکانی گەورە بۆرسە جیهانییەکانەوە، ئەو کۆمپانیانە ناتوانن سەرمایەی خۆیان بشارنەوە چونکە دەبنە ئامانجێك بۆ راوەدوونان و چاودێری دارایی توندی وڵاتەکانیانەوە تاوەکو لەباج خۆیان نەدزنەوە ئەو باجەی کە بواری مامەڵەکردن و قسەکردنی لەسەر نییەو هەموو هاووڵاتییەك و کۆمپانیاو پرۆژەیەك دەبێت پابەندی پێدانی باج بن، واتە یاساکانی وڵاتانی گەورە کۆمپانیاکانی بواری پێترۆل کە ئێستا لەکوردستان کار دەکات وڵاتەکانیان رێگا نادەن لەگەندەڵیدا تێوەبگلێن. مەسەلەی نەوت لە عێراق و کوردستانیش بە دوو ئاراستە دەڕوات :( لە لایەك سیاسەتی نێودەوڵەتی کە کۆمەڵێك بەرژەوەندی لەخۆ دەگرێت لە لایەکی ترەوە بەرژەوەندی ناوخۆیی دەسەڵاتە سیاسی و پارتە فەرمانڕەواکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق، لە ئابووری نەوت دا کڕیار تەحەکوم بە فرۆشیاردەکات ئەمەش پێچەوانەی زۆر بوارە، سیاسەتەکانی دەرهێنان و بەرهەمهێنان و فرۆشتن لە لایەن گەورە کۆمپانیا جیهانییەکانەوە دادەڕێژرێت.

**ئەرکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانە وەڵامی هەموو پرسیارو بابەتێك بداتەوە کە بەرامبەر بەم پرسە دەدرێن**

**بەدەرهێنان و ناردنە دەرەوەی پێترۆل کوردستان کەوتە سەر نەخشەی دابینکردنی وزە لە جیهاندا**

وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ئاماژەی بەو مافە دەستوورییەی کوردستان کرد لەناردنە دەرەوەی نەوتی خاو بەڵام ئەوەشی پشتڕاست کردەوە کە لەکاتی ئێستادا بەهیچ شێوەیەك پێترۆڵ ڕەوانەی دەرەوە ناکرێت، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەشی ڕاگەیاند ئەوەی ئێستا دەبرێتە دەرەوە نەوتی ڕەشە کە لەکوردستان بازاڕی نییەو بەتووندی ئەو هەواڵانەشی ڕەتکردەوە کەباس لەناشەفافییەت و ناروونی لە پێترۆڵ و داهاتەکەی دەکرێت ..

**پێترۆڵ بەبنەمای بەهێزبوونی ژێرخانی ئابووری کوردستان دادەنرێت و سەرەتای ڕێگاشە بۆ بەدەستهێنانی تەواوی سەربەخۆیی وزەو سووتەمەنی لەهەرێمەکەدا**

سەبارەت بەگازی سروشتی کە دۆزینەوەو دەرهێنان و سوود وەرگرتن لەو سامانە گرنگە بۆ ڕووناککردنەوەی ماڵەکان بەیەکێك لەهەرە دەستکەوتە گەورەکانی کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت وەزیری سامانە سروشتییەکان وتی : پێشتر لەباوەڕی کەسدا نەبوو گازی سروشتی بەو شێوەیە لەهەرێمی کوردستاندا هەبێت و لەبەگەڕخستنی دوو گەورە وێستگەی گازی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاری بهێنین. بەمشێوەیە بەپێی وتەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکان ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو تەنیا ٤ مانگی خایاندوو ئەویش لەڕێگای بۆری نەوتی عێراقەوە بوو بۆ بەندەری جیهانی تورکی کە سۆمۆ پارەکەی وەرگرتووە لەبەر ئەوەی پارەی بەڵێندەرەکانیان نەدا ناردنە دەرەوەی ئەو نەوتە ڕاگیراوە. دۆسێی پێترۆڵ و ناردنە دەرەوەی نەوتی ڕەش و نەفتا قسەو باسێکی زۆری لەسەر کراو هیچ لەو بۆچوونانە نەیانتوانی لە گرنگی و ستراتیژییەتی ئەم مەسەلەیە بۆ داهاتووی کوردستان کەم بکەنەوە، گەرچی ئەزموونی کوردستان لەمبوارەدا ئەزموونێکی کورت و سەرەتایە بەڵام هەنگاوەکان جێی دڵخۆشین بەتایبەتی گەر بێتوو بە مامەڵەیەکی شەفافانە هەڵسوکەت لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکرێت..

پێترۆڵ لەهەرێمی کوردستان بۆتە پرسێکی ستراتیژی گرنگ پێویستە مامەڵەیەکی ڕاست و دروستی وای لەگەڵدا بکرێت و وەکو پرۆژەیەکی نیشتمانی سەیر بکرێت، نەکرێتە قوربانی ململانێی سیاسی و حزبایەتییەوە بەتایبەت کە دوژمنانی گەلی کوردستان لەنێوخۆی عێراق و دەرەوە بەبەردەوام هێرش دەکەنە سەر ئەم پرسە. پێترۆڵ و پیشەسازی نەوتیی بەبنەمای بەهێزبوونی ژێرخانی ئابووری کوردستان دادەنرێت و سەرەتای ڕێگاشە بۆ بەدەستهێنانی تەواوی سەربەخۆیی وزەو سووتەمەنی لەهەرێمەکەدا، واتە دەربازبوون لەگەورەترین گرفت و ئاستەنگی بەردەم پێشکەوتنی ئابووری هەرێمەکە کەئەویش «پاشکەوتەیی ئابوورییە»، ئەم ئاستەنگە بەیەکێك لەو گرفتە بنەڕەتییانە دادەنرێت کە یەخەی ئابووری هەرێمەکەی گرتووەو کەرتەکانی بۆ دواوە پاشەکشە پێ کردووە، ئەوەتا لەسایەی هێنانە دەرەوەی گازی سروشتی و نەوتی ڕەش توانرا پشت بەکارەبای نیشتمانی ببەسترێت، کە پێشتر نزیکەی ٢٠٠ مێگاوات کارەبا لەحکومەتی ناوەندییەوە بۆ هەرێمەکە دەهات و دواتر بۆ ٣٠ مێگاوات کەمبووەوەو ئێستاکە سفر مێگاوات کارەبا لەتۆڕی کارەبای بەغداوە بۆ کوردستان دێت، لەگەڵ ئەوەش دا لەهەرێمی کوردستان ١٦-١٨ کاتژمێر کارەبا هەیەو زیاتر لە ١٢٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنرێت کەچی لەشارەکانی تری عێراق بەبەغداوە تەنیا ڕۆژانە ٢ کاتژمێر کارەبا هەیە، واتە پێترۆڵ و گازی کوردستان هاوکێشەکانی پێچەوانە کردووەتەوە، هەر ئەمەشە وای لە سەلام قورەیش ڕاوێژکار لەحکومەتی عێراقی فیدراڵ کردووە ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و بگرە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کەلەبواری پەرەپێدانی نەوت ناوێتی بەسەرکەوتوو ناوبرد، ناوبراو ئومێدیشی خواست ئەم هەنگاوانەی کوردستان پێوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر پتەو بکات.

**پێترۆڵ لەهەرێمی کوردستان بۆتە پرسێکی ستراتیژی گرنگ پێویستە مامەڵەیەکی ڕاست و دروستی وای لەگەڵدا بکرێت و وەکو پرۆژەیەکی نیشتمانی سەیر بکرێت**

لەم مەسەلەیەدا پێمان وایە تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیەوە مامەڵەیەکی شەفافانەی زیاتر لەگەڵ ئەو تەوەرەیە بکات ئەوەندە زیاتر خزمەت بە بواری ئابووری کوردستان و ئەزموونی دیموکراسی هەرێمەکە دەگەیەنێت، هاوکات ڕێگا لەهەموو لێدوانێکی چەواشەکاری و دژایەتیکردنێکی تر دەگیرێت کە بەمەبەستی تایبەتی و سیاسی دژ بەپرۆسەکەو هەرێمەکە لێرەو لەوێ دەدرێت.

ئەرکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانە وەڵامی هەموو پرسیارێك بداتەوە کە بەرامبەر بەم پرسە دەکرێت، هەروەکو چۆن ئەرکی سەرشانی ئەو وەزارەتەیە بەردەوام بەدوای پرەنسیپ و میکانیزمی گونجاوو نوێدا بگەڕێت بۆ ڕێکخستنی گرێبەستەکان و مۆرکردنی بۆندەکان و دوور کەوتنەوە لەهەموو قۆرخکاری، ئەمەش سەرەتای ڕێگا دەبێت بەرەو پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازی پێترۆڵی و وەڵامدانەوەی هەموو تۆمەت و دژایەتیکردنێك، کاتی ئەوەهاتووە پێش ئەوەی دوژمنان و هەندێك لەراگەیاندنەکانی ناوخۆ کەبەمەبەستی ڕێکخستن و وەڵامدانەوەی پرسیارە بێ وەڵامەکان کەوتوونەتە سەنگەری تۆمەتبارکردنی ئەم هەنگاوە ستراتیژییەوە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەردەوام کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و لێدوانی هەبێت و لەبەردەم سەرجەم دانیشتووانی کوردستاندا پرۆسەکەو داهاتەکەی ڕابگەیەنێت و لەچۆنیەتی خەرجکردنی ئەو داهاتەش دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاگادار بکرێنەوە.

ڕاستە ئەزموون و شارەزایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتی پێترۆڵی و پیشەسازی نەوتی کەمە، تەنانەت هیچ ئەزموونێکی نوێ و هەنگاوێکی سەرەتا بێ کەموکورتی نابێت، گرنگ ئەوەیە پێش ئەوەی بچێتە مەبەستێکی دیکەوەو ببێتە دیاردەیەکی خراپ ڕێگای لێبگیرێت. ئەرکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانە زیاتر بۆ هاووڵاتییانی کوردستان لەبۆندو ناوەڕۆکی گرێبەستەکان ڕوون بکاتەوە چونکە بەردەوام هێزێکی نەیار بۆ دژایەتی کردن لە پێناوی تەنیاو تەنیا دژبووندا هەروەها دوژمنانێکی دەرەوەی ئەم هەرێمە هەن لەکاری ئەوەدان دەستکەوتەکان بکەنە شکست، بۆیە نابێت ئەو دەرفەتە لەدەست بدەین کە کلیلی بەهێزبوونی ئابووری کوردستان و پێگە جیهانییەکەی لەدەستماندایەو پێویستە مامەڵەیەکی ڕاست و دروستی بەپێی پێوەرە جیهانییەکان لەگەڵدا بکەین تاوەکو لەڕێگای نەوتەوە جارێکی تر گوندەکان و خاکی کوردستان نەسووتێنرێت، پێترۆڵ و گازی کوردستان بکرێتە سەرەتای ڕێگا بەرەو پەرەپێدانی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵگاو بەهێزبوونی پێگەی هەرێمەکە لەسەر نەخشەی جیهانی. نەوت و ستراتیژییەتی وەبەرهێنانی لە عێراق تێکەڵ بە بەرژەوەندی نێودەوڵەتیی و کارتی سیاسی بووە و کارکردنیش لەم گەمەیەدا دیبلۆماسییەت و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، ئەمە تەنیا ڕێگایەکە بەرەو گەشەکردن و بەرزبوونەوەی داهات و پەرەپێدانی ئابووری.

# بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری ئابووری دەروازەی گەشەکردنی کۆمەڵگەیە



ئابـــووری
گوڵان
ژمارە (٧٩٦)
٢٠١٠/٨/٣٠

کۆمەڵگا رۆشنبیرەکان توانای بەرهەمهێنان و داهێنانیان بەرزە،لەم بارەیەوە ((ئالفرد مارشاڵ))ی ئابووریناس پێی وابوو فێرکردن بۆ خۆی وەبەرهێنانێکی نەتەوەیی بەرزەو کارێکی باشە سەرمایەی گشتی و تایبەتی خەرج بکرێت بۆ کەرتی فێرکردن و بەرزکردنەوەی تواناکان. تاوەکو تاك لەنێو پرۆسەی ئابووری لەگەشەکردنی بەردەوامدا بێت، چونکە رۆڵی تاك و کۆمەڵگا لەپەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی خۆی هەیە.

# ئەرکی حکومەتە هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری ئابووری لەلای هاووڵاتیان بنێت



کەسانی رۆشنبیرو خوێندەوار لە هەژاریدا ناژین و توانای کارکردن و بەرهەمهێنانیان فراوانە

**پرۆفیسۆر دکتۆر هیلال ئیدریس مەجید شارەزا لەبواری ئابووری لەزانکۆی موسڵ:**

### رۆشنبیری ئابووری وەبەرهێنانێکی نەتەوەیی باڵایە

(ئابووری بازاڕو دیموکراسی)؛ وەکو دوو سیستەمی گرنگ بۆ گەشەپێدان کە خاوەنی یاساو رێنمایی تایبەت بەخۆیانن و کاریگەری لەسەر ژیانی هاووڵاتیان و داهاتوویان دەکات، هەردوو سیستەمەکە بێ بوونی دامەزراوەکان گەشە ناکەن، دامەزراوەکانیش پێویستیان بەکۆمەڵێك بنەما هەیە، هەر لە چەسپاندنی یاساوە تاوەکو ئاستی داهاتی تاکەکەسی و بوونی چینی ناوەندو پەروەردەو خاوەندارێتی و ئاستی رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایە..

بەو پێیەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە پەرەسەندنی بەردەوامدایەو تەنانەت لەئەگەری کێشەو گرفتە ئابوورییەکان بەدوور نییە، بۆیە پێویستە تاك لەناو پرۆسەی ئابووری لەگەشەی بەردەوامدا بێت، ئەمە لەکرۆکی تیۆرە کلاسیکییەکان باسی لێوەکراوەو هەریەك لە ئابووریناسەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەت (ئادەم سمیس و دایفید ریکاردو) تەئکیدیان لەسەرکردۆتەوە، بەتێپەڕبوونی قۆناغەکانیش بیروباوەری ئابووریناسان سەبارەت بە رۆڵی کاریگەری تاك و دانیشتووان لە گەشەپێدانی ئابووری گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا نەهات و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵگاو گەشەپێدان بایەخ و گرنگی خۆی لەدەست نەدا، ئەلفرید مارشاڵ ئەو ئابووریناسە بوو کەپێی وابوو کەسانی رۆشنبیرو خوێندەوار لە هەژاریدا ناژین و توانای کارکردن و بەرهەمهێنانیان فراوانە..

بەمشێوەیە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و دیموکراتییەکان کەلەدەرهاویشتەی گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکانەوە سەرچاوەی کردووە، لە کاری کۆمەڵگەیی دابڕاو نیین کە بزوێنەرە سەرەکییەکەی ئەم کارە تاکە لەناو کۆمەڵگاکەدا، تاکیش پێویستە لەئاست گۆڕانکارییەکان پەرە بە تواناکانی خۆی بدات و لەئاستێکی بەرزی رۆشنبیریدا بێت. وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو باشترکردنی لایەنی خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بەردەوام داوای هاوکاری و یارمەتی لەهاووڵاتییان دەکەن، تاوەکو پاڵپشت و یارمەتیدەر بن لەگەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و باشترکردنی ئاستی تواناکانیان، ئەم حاڵەتەش ئاساییە چونکە حوکمڕانێکی باش ناتوانێت بەهێزو سەرکەوتوو بێت بێ پاڵپشتیکردن و هاکاریکردنی زۆرینەی هاووڵاتیان، ئەم هاوکارییەش تەنیا لە بارودۆخێکدا دەبێت کە تێیدا هاووڵاتیان خاوەنی رۆشنبیری و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی ئابووری و فیکری بن، ئەوەی جێی تێڕوانینە تاکو ئەمڕۆ حکومەتی هەرێم و وەزارەتە پێوەندارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و دارایی و پلاندان بودجەیەکی دیاریکراویان نییە بۆ پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری هاووڵاتیان..ئەرکی سەرشانی حکومەتە کار بۆ ئەوە بکەن تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لەئاستێکی بەرزی مەعریفەیی و شارەزایی ئابووریدا بێت، تاوەکو گەلێکی هۆشیارو پڕ لە مەعریفەت زامن بێت، کە رۆڵ و کاریگەری لەسەر خێراکردنی هەوڵەکانی حکومەت بۆ پەرەپێدانی ئابووری هەبێت، ئەرکی دەوڵەتە پارەو داهات تەرخان بکات بۆ هۆشیارکردنی کۆمەڵگاو لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەوەتا وڵاتێکی وەك ژاپۆن لە٢٨٪ی داهاتی بەرهەمهێنان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و پەرەپێدان خەرج دەکات و ئیسرائیلیەکانیش نزیکەی لە ٤٪ لەکاتێکدا وڵاتانی عەرەبی تەنیا لە٠,٥٪ی داهاتی بەرهەمهێنان بۆ ئەم بوارە خەرج دەکەن، لەلایەکی ترەوە رێژەی زاناو تەکنیکارەکان لەناو هەر ١٠٠٠ کەس دا لەوڵاتانی پیشەسازی ٨٥ زاناو تەکنیکار هەیە، ئەم رێژەیە لە وڵاتێکی وەك یەمەن بۆ ٠,٢ دادەبەزێت. سەرنەکەوتنی حکومەتی هەرێم لەرۆشنبیرکردنی ئابووری بەشێوەیەکی گشتی بووە هۆی سوود وەرنەگرتنی تەواوەتی لەتوانای تاکەکەسی، بگرە لاوازی ئاستی پێگەیاندنی پیشەیی و پێشکەوتنی پەرەپێدانی مرۆیی لێکەوتەوە، پەرەپێدانی مرۆیی کەلەسەر سێ بنەمای سەرەکی دەپێورێت ئەویش: (رێژەی خوێندەوارەکانە لە قۆناغە سەرەتاییەکان تاوەکو دواناوەندی بەرامبەر ژمارەی دانیشتووان - رێژەی داهاتی تاکەکەسی - پێشکەوتنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان)، چەند پاڵپشتی و هاوکاری بۆ پەرەپێدانی خوێندن و کەرتی تەندروستی هەبوو ئەوەندە ئومێدەکانی پەرەپێدانی مرۆیی زیاتر دەبێت و ئاستی رۆشنبیری ئابووریش لای زۆرینە بەرز دەبێتەوە. لەوڵاتێکی وەك عێراق کەزیاتر لە ٤٠٪ی دانیشتووانەکەی هەژارن مومکین نییە ئاستی رۆشنبیری ئابووری بەرز بکرێتەوە، هەر ئەمەشە وەك

حوکمڕانێکی باش ناتوانێت بەهێزو سەرکەوتوو بێت بێ پاڵپشتیکردن و هاکاریکردنی زۆرینەی هاووڵاتیان

**عەبدوڵا ئیبراهیم**
**بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی لەدهۆك:**

## لاوازی ئاستی رۆشنبیری ئابووری ناهۆشیاریی بازرگانی لێکەوتۆتەوە

# بناغەیەک لەبواری زانیاری و مەعریفەی ئابووریدا هەیە بەڵام زانیاری و زانستێکی ئابوورییانەی رووکەشییە



## پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال رەسول راوێژکاری پێشکەوتوو:

میراتییەکی رژێمە یـــەك لەدوای یەکەکانی عێراق بۆمانیان بەجێهێشـــتووەو، زۆر لەپارتە سیاسییەکانی نێوگۆڕەپانی سیاسی بەپارتی فەرمانـــڕەواو ئۆپۆزسیۆنیشـــەوە بـــە هەڵە لەچەمکی رۆشنبیری ئابووری تێگەیشتوون یـــا بەتەواوەتی ئەم کایەیە فەرامۆش دەکرێت یا بەناوی رۆشـــنبیری ئابوورییەوە هاووڵاتی لەخشتە دەبرێت و زانیاری هەڵەو بۆچوونی دژ بەحکومەتیان دەدرێتێ، کەلەهەردوو حاڵەتدا چەمکەکـــە دەکرێتە قوربانـــی مەرامێکی سیاسیانەی پێشوەختە.

تاچەند حکومەت کاری بـــۆ بەرزکردنەوەی ئاســـتی رۆشـــنبیری ئابـــووری لـــەلای هاووڵاتیان کردووە؟ راستە رۆڵ و کاریگەری رێکخراوەکانـــی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی و راگەیاندنەکانمـــان لەبەرزکردنەوەی ئاســـتی رۆشـــنبیری و پەرەپێدانی مەعریفەیدا سست و لاوازن؟چـــی بکرێت بۆ ئـــەوەی هەنگاوە ســـەرەتاییەکانی رۆشـــنبیری ئابووری لای



هاووڵاتیان بەگشـــتی دەست پێ بکەین؟ ئایا بەراستی لەکۆمەڵگای عێراقی و کوردستانیدا ئومێدی بەرزکردنەوەی ئاســـتی رۆشنبیری ئابووری کـــزو لاوازە؟ دکتۆر هیلال ئیدریس مەجید شـــارەزا لەبواری ئابووری لەزانکۆی موســـڵ پێی وایە: هەڵەیەکی گەورەیە گەر پێمان وابێت ئاستی رۆشنبیری ئابووری نییە لەلای هاووڵاتی عێراقی یا لەلای بیزنسکارو توێژە پێوەندارەکانـــی ئابووری وەکو بەڵێندەرو بـــازرگان و پیشەســـازیکاران، رەنگە بەپێی پێویست و لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەی عێراقدا کەمێـــك نەگونجێت و نزم بێت بەڵام ژێرخانی بەهێزکردنی ئاستی رۆشنبیری ئابووری لای زۆرینەی هاووڵاتیـــان بەتەواوەتی نەهاتۆتە خوارەوە، عێراقییەکان بەگشتی و لەناویانیشدا گەلی کوردستان بەپێی ئەو قۆناغ و بارودۆخە سەختانەی پێیدا تێپەڕبوون تارادەیەك تووشی لاوازی و گەڕانەوەی ئاستی رۆشنبیری بوون بەڵام هەرگیز نەگەیشـــتۆتە ئاستێك کە بێ ئومێدمان بـــکات، ئالێرەدا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەهاوکاری رێکخراوەکانی کۆمەڵـــگای مەدەنی و شـــارەزایانی بیانی بەرنامـــەو کارو هەنـــگاو بـــەرەو پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری ئابووری لەلای هاووڵاتیانی عێراق بنێت، پێشـــتر نیزامی سەدام حوسێن رێگای بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ئابووری نەدەدا، تەنانەت جەنگـــە خوێناوییە یـــەك لەدوای یەکەکان بەجەنگی نێوخۆشـــەوە دژ بە کورد هەمووی شـــوێنەواری خراپی بۆسەر بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەناویشـــیدا ئاستی رۆشنبیری بەگشـــتی و ئابووری بەتایبەتی لێکەوتـــەوە. خولەکانی مەشـــق و راهێنان و پێشخســـتنی راگەیاندنی ئابووری هەمووی کۆمەڵـــە بنەمـــاو هۆکارێکە بـــۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی ئەو ژێرخانە مەعریفییەی کە لەشەست و حەفتاکانی ســـەدەی رابردوو لە ریزبەندی پێشـــەوەی وڵاتانی ناوچەکەو بگرە جیهان بوو، ئێستاکە پێویستە ئەم پرۆسەیەی بەمەعریفەکردنـــی ئابووری و رۆشـــنبیری ئابووری لەپێناو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی ئابووری دەست پێ بکات..

پرۆفیســـۆر دکتۆر جەمال رەسول راوێژکاری پێشکەوتوو لەوەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان لەمبارەیـــەوە وتی: پرۆســـەی رۆشـــنبیری ئابـــووری بۆ هەر کۆمەڵگایەك گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو، دەســـتپێکردنی هەیە بەڵام تەواوبوونی نییە، چونکە پرۆسەیەکی گشتی و سەرتاسەرییەو کاریگەری راستەوخۆی لەسەر سەرجەم پرۆسە ئابوورییەکەی هەرێم هەیە، ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردســـتان بناغەیەك لەبـــواری زانیاری و مەعریفـــەی ئابووریدا هەیە بەڵام زانیاری و زانســـتێکی ئابوورییانەی روو کەشییە، واتە هاووڵاتیانـــی هەرێمی کوردســـتان خاوەنی رۆشـــنبیری ئابوورین، بەڵام ئەم رۆشنبیرییە رەنگـــی نەداوەتەوە لەســـەر گۆڕینی ژیانی ئابوورییانـــەی هاووڵاتیان، ئالێـــرەدا رۆڵی حکومەت دێت کە پێویســـتە لەچەندین بواردا کار بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاســـتی رۆشنبیری و فراوانکردنـــی ئـــەم رۆشـــنبیرییە بکات، تارادەیەکیش لەســـنوورێکدا کار بۆ ئەمبوارە کراوە بۆنموونە خولەکانی مەشـــق و راهێنان لەنێوخۆی وڵات و دەرەوە کە بۆ فەرمانبەرانی حکومـــەت رێك دەخرێت کاریگەری لەســـەر رۆشـــنبیری فەرمانبـــەران و بەرزکردنەوەی ئاســـتی زانســـتی و توانایـــی کارمەندانی هەیە لەنێویانیشدا بەرزکردنەوەی رۆشنبیری ئابووری، بەتایبەت لەکاتی ســـەفەرکردنیان بـــۆ دەرەوەی وڵات و تێکەڵبوونیـــان لەنـــاو بواری کەلتـــووری و رۆشـــنبیری گەلانی پێشکەوتوو، کە ئەوان خاوەنی فەرهەنگێکی ئابووری دەوڵەمەندن و لەناو ژیان و ئابووری وڵاتەکەیاندا ئەم فەرهەنگە ئابوورییە رەنگی

**حکومەتی هەرێم و وەزارەتە پێوەندارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و دارایی و پلاندان بودجەیەکی دیاریکراویان نییە بۆ پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری هاووڵاتیان**

**سەرنەکەوتنی حکومەتی هەرێم لەرۆشنبیرکردنی ئابووری بەشێوەیەکی گشتی بووە هۆی سوود وەرنەگرتنی تەواوەتی لەتوانای تاکەکەسی ،بگرە لاوازی ئاستی پێگەیاندنی پیشەیی لێکەوتەوە**

> لەوڵاتێکی وەک عێراق کەزیاتر لە ٤٠٪ی دانیشتووانەکەی هەژارن مومکین نییە ئاستی ڕۆشنبیری ئابووری بەرز بکرێتەوە

# ڕۆشنبیری ئابووری بەپێی پێویست نییە و نەبۆتە کەلتوورو فەرهەنگێکی ئابووری



**عەزیز ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی**

داوەتەوە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی تێکەڵبوونی کەلتووری و فەرهەنگی نێوان گەلانەوە کە رۆڵ و کاریگەری بەهێزی لەدەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیری ئابووری لەلای تاك و کۆمەڵگای کوردستانی دەبێت.

خاڵێکی بەهێزبوونی ڕۆشنبیری ئابووری لەچوارچێوەی گۆڕینی سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا دێت، کە کاری بەردەوام و بەرنامەو پلانی دەوێت، لەمبارەیەوە پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال رەسول دەڵێت: سیاسەتی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی دەوێت لەوانە گەڕانەوە بۆ دەستوور و هاتنە ناوەوەی ئەکادیمییەکان ئەمە کاری یەك دوو ڕۆژ نییە و چەندین ساڵی دەوێت، سیستەمە ئەکادیمییەکان دەبێت رۆڵی تێدا ببینن ئەمانەش بێ رۆڵ و هاوکاری حکومەت سەرکەوتوو نابێت. ئەم پرۆسەیەی گۆڕینی سیاسەتە کۆمەڵایەتییە پەیڕەوکراوەکان پێویستی بەبەرنامەیەکی فراوان و سەرتاپاگیر هەیە، واتە لەئاستی نوخبەو فەرمانبەران و هاووڵاتیان بەگشتی، زۆرجار دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ئینتمابوونی تاك بەخاك و نیشتمان و نەتەوەوە، زۆر گرنگە ئەو بەرنامانە بەپێی پێوەری زانستی و لێکۆڵینەوەی وورد بێت بەپشت بەستن بەداتاو زانیاری نێو کۆمەڵگا.

نەبوونی هەڵمەتێك بۆ پەرەپێدانی مرۆیی و پشتگوێخستنی لایەنی مەعریفەیی کە سیمایەکی وڵاتانی دواکەوتووی هەژارە، وایکردووە هاووڵاتیان بەگشتی خاوەنی هۆشیارییەکی ئابووری پێشکەوتوو نەبن، زۆرجار ئەمە کەموکورتییەکە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا، چونکە هۆشیاری و ڕۆشنبیری ئابووری زۆرینەی هاووڵاتیان پێوەندی بە ئاستی پێشکەوتنی پەروەردەو فێرکردن لەناو ئەو هەرێم و وڵاتانە هەیە کە بە وڵاتانی جیهانی سێ ناسران. لەمبارەیەوە عەزیز ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی پێی وایە : پێشکەوتنی بارودۆخی ئابووری هەرێم تەنیا لەسەرشانی حکومەت نییە بەڵکو واپێویست دەکات هاووڵاتیانیش هاوکارو یارمەتیدەر بن، ئەمەش تەنیا کاتێك ڕوودەدات کە بەشێوەیەکی گشتی هاووڵاتیان خاوەنی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ئابووری بن، ڕاستە هاووڵاتیانی کوردستان و توێژە جۆراو جۆرە پێوەندارەکانی ئابووری تارادەیەك هۆشیارییەکیان لەبارودۆخی بازاڕو بیزنس هەیە، بەڵام ئەم شارەزاییە بەپێی پێویست نییە و نەبۆتە کلتوورو فەرهەنگێکی فراوانی ئابووری. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتەو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئابووری لەپێناو شارەزایبوون و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی بەرزی ئابووری وا پێویست دەکات لایەنە پێوەندارەکانی ئابووری بەتایبەت هەرسێ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دارایی و پلاندانان بودجەیەکی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی مرۆیی لەنێویشیاندا بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئابووری تەرخان بکەن. لەکۆتایی قسەکانی بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی ئاماژەی بەوڵاتی چیك کرد کەلەوێ یاسا سەروەرەو هەموو بوارە ئابووری و لایەنەکانی ژیان بەیاسا چەسپێنراوە، هاووڵاتی چیکیش هەر لەقۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە تاوەکو خوێندنی باڵا کار بۆ ئەوە دەکرێت ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان بەرز بکرێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت و کەرتی تایبەت بەبەردەوام کار بۆ بەنیشتمانبوونی هاووڵاتیان و دروستکردنی گەلێکی هۆشیار دەکەن، گەلێك تێیدا تاکەکانی لەئاستێکی بەرزی مەعریفەیی و شارەزایی ئابووری دا بێت.

لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و بەرزبوونەوەی خواستی هاووڵاتیان بۆ کاڵاو پێداویستییە سەرەکییەکان بووە هۆی دووبارە بوونەوەی ئەو سیناریۆیەی کە نرخەکان هەڵکشانێکی پێوانەیی تۆمار بکاتەوە، زۆر لەشارەزایان و پسپۆڕانی ئابووری جگە لەکەموکورتی میکانیزم و دەستێوەردانی حکومەت و خراپی ژێرخانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا ئەوەشیان خستەڕوو کە هاووڵاتیان بەگشتی ئاستی ڕۆشنبیری ئابوورییان لەو ئاستەدا نییە کە هاوسەنگی لەنێوان خەرجی و داهات و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بازاڕ ڕێك بخەن بگرە زۆرجار هەرخودی هاووڵاتییە ئەو هەڵاوسانەی نرخ دەخاتەوە. عەبدوڵا ئیبراهیم بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی لەدهۆك لەمبارەیەوە پێی وایە: لایەنی ڕۆشنبیری ئابووری لای زۆرینەی هاووڵاتیان لاوازە، جوانترین نموونە لەمانگی ڕەمەزاندا کە لەبەر لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری ئابووری ناهۆشیارییەکی بازرگانیشی لێکەوتۆتەوە، ئەوەبوو بێ هیچ هۆکارو کەوتنەوەی گرفتێکی ئابووری بەکارهێنەرو بەکاربەر خەرجییەکانی خۆی بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر گۆڕی، بۆنموونە لەڕۆژانی ئاسایی خێزانێك بۆ ڕۆژێك پێویستی بەکیلۆیەك تەماتە هەبوو کەچی لەڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا هەر هەمان پێداویستی بۆ ٢ کیلۆ تەماتە زیادیکردووە. لەبارودۆخێکی وا دا گەربێتوو هاووڵاتیان یارمەتیدەری کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە نەبن کارێکی ئاستەمە تەنیا بەدەستێوەردانی حکومی چارەسەری ئەو گرفت و کێشە ئابوورییانە بکرێت کە لەناو بازاڕەکانی کوردستان دەکەوێتەوە، چونکە لە ئابووری بازاڕو نەزمە نوێیەکانی جیهان نرخی کاڵاو کەلوپەل و پێداویستییەکان دیاری ناکرێت بەڵکو لەڕێگای خواست و خستنەڕوو کێبرکێ پێداویستی و کەلوپەلەکان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پێش دەخرێت، ڕۆشنبیری هاووڵاتیان لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی زۆر بەرفراواندا پێویستە گەشەی پێ بدرێت، ئەمە تەنیا کاری حکومەت نییە بەڵکو ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕاگەیاندنەکانیشە کار بۆ پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفی بکەن..